# كاری دەرهێنەر لەفەزای شانۆدا

د٠ عەتا ڕەشید حسێن
بەشی زمانی کوردیی ئێواران/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان/سکوڵی زمان / زانکۆی سلێمانی

تاريخ استلام البحث :١٢ / ٤ / ٢٠١٥        تاريخ نشر البحث :٢٥ / ٦ / ٢٠١٥

## پێشـــــەکـی

لەڕاستیدا ، شانۆ جیهانێکی هونەریی گەورە و بەرفراوانە و سیمبولی شارستانیەت و گەشەسەندن و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە و هەوڵدەدات ڕابردوو بە ئێستاو داهاتووەوە ببەستێتەوە و پردێکی پەیوەندی لەنێوانیاندا دروستبکات٠واتە شانۆهونەر و پەیامێکە بۆخزمەتکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و ئەزموونێکی مەعریفی بنەڕەتیشە بۆ ژیانی مرۆڤ و هەڵگری کۆمەڵێك ئامانج ومەغزای فەلسەفی و کۆمەڵایەتییە و پێویستی ژیان هێناویەتییە کایەوە٠

بێگومان ، گەیاندن وپێشکەشکردن و نمایشکردنی ئەو هونەر و پەیامەش ،کەلەسەر بنەمای کۆمەڵێك ڕەگەز و لایەنی تەکنیکی هەمەجۆری وەکو :– ( درامانووس ، دەق ، ئەکتەر ، کات ، شوێن ، گرێ ، ململانێ ، دیالۆگ ، مۆنۆلۆگ ،٠٠تد ٠) بنیاتنراوە ، کارێکی سەخت و دژوارە وکەسانی شارەزاو بلیمەتی دەوێت ، بەتایبەتیش دەرهێنەر ، کە بتوانێت دەقی شانۆگەری سەرکەوتوو هەڵبژێرێت و سەرجەم ئەو ڕەگەز و لایەنە بەشداربووانەی نێو بنیاتی ئەو دەقە شانۆییە بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بەیەکەوە ببەستێتەوە و مافی هیچ ڕەگەز و لایەنێك فەرامۆش نەکات و هاوسەنگییەکی زانستی و هونەریی لەنێوانیاندا دروست بکات و سەرەنجامیش دەقێکی سەرکەوتووانە پێشکەش بە بینەران بکات و لەگەڵ حەز و ویستی بینەران و قۆناغە مێژووییەکەدا گونجاوبێت ، تا کاریگەری زیاتر لەسەر هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا دروست بکات٠ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شانۆگەری کارێکی هونەری ڕاستەوخۆیە وپێشکەش بەبینەران دەکرێت٠ هەربۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین تیشکێك بخەینەسەر ڕۆڵ و ئەدای دەرهێنەر لەفەزای شانۆدا ٠

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

بەهۆی کەمی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی ڕۆڵ وگرنگی دەرهێنەر لەفەزای شانۆدا، کە چ ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەیە لە پێشکەشکردنی دەقێکی شانۆییدا؟ ئەمەش وایکرد ، کە بەپێی توانا ڕۆڵی دەرهێنەر بەهەند وەربگرین وبەشێوەیەکی زانستی ئەم لێکۆڵینەوەیەی لەسەر ئەنجام بدەین ٠

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

بەمەبەستی ئەوەی لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی زانستی وئەکادیمی ئەنجام بدەین ، پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی تیۆریمان کردووە٠

**بنیادی لێکۆڵینەوەکە :**

لێکۆڵینەوەکە لەپێشەکی و حەوت تەوەر بنیاتنراوە ، کە بریتیین لە :- ( دەرهێنەر کێیە؟ ، مامەڵە کردنی دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەردا ، دەرهێنەر و هەڵبژاردنی دەقی شانۆیی ، کاری دەرهێنەر لەگەڵ شێوازی بەکارهێنانی جلوبەرگدا ، سیفاتەکانی دەرهێنەر ، مەرجەکانی دەرهێنەر، ئەرکەکانی دەرهێنەر ) ، پاش ئەوەش ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لەچەند خاڵێکدا خراوەتە ڕوو٠جگەلەوەش سەرچاوەکانیش بەپێی ڕیزبەندی یەك لەدوای یەکی پیتەکان خراونەتە ڕوو، ئنجا کورتەی لێکۆڵینەوەکە بەهەر دووزمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێشکەشکراوە٠

**دەرهێنەر کێیە؟**

لەڕاستیدا هەمووکارێك کێشەو نارەحەتی تێدایە وبکەری کارەکەش ، تاڕادەیەك ماندوو دەکات، بەڵام گەر سەرکەوتوو بوو ، ئەوا ئەرك وماندووبوونەکەی بەهەدەرناڕوات وئاکامەکەی مایەی خۆشحاڵی و سەرفرازی دەبێت٠ لەوچوارچێوەیەشدا کاری دەرهێنەر کارێکی هەروا ئاسان وسەرپێی نییە ، بەڵکو زۆرلەوە زیاتر وگەورەترە، چونکە پرۆسەیەکی زانستی وهونەری و مرۆییە و ڕاستەوخۆ پێشکەش بە جەماوەردەکرێت ٠ لەورووەشەوە ، گەر بەگیانێکی هونەرییەوە تەماشای نمایشێکی شانۆیی بکەین ، ئەوەمان بۆدەردەکەوێت ، کە شانۆگەرییەکە وەکو کەشتییەك وایە ودەرهێنەریش وەکوکاپتنی ئەو کەشتییە وایە٠ واتە ((دەرهێنەر ڕابەری شانۆیە و بەتەنها ئەو کەشتییە دەبات بەڕێوە وتووشی دەیان تەنگ وچەڵەمە دەبێت، تائەنجام دەگاتە ڕۆخی دڵنیایی وسەرکەوتن ٠))[1]

هەربۆیە سەبارەت بەڕۆڵ و گرنگی دەرهێنەر لە فەزای شانۆدا ، بۆمان دەردەکەوێت ، جگە لە هەموونەورەگەز و لایەنانەی دەوری سەرەکیان هەیە لەبنیاتنانی ئەودەقەدا ، دەبێت بابەتیانە مامەڵە لەگەڵ سەرجەم ئەو ڕەگەز و لایەنانەدا بکات وبەشێوەیەکی گونجاو بەیەکیانەوە

ببەستێتەوە و لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی هونەریدا پێشکەشی بکات ٠ هەر لەدروستکردنی دیکۆر ودانانی مۆسیقاو پۆشینی جلوبەرگ ودابەشکردنی دەوری ئەکتەرە کاندا٠٠تد ٠ واتە دەرهێنەر (( ئەوکەسەیە ، کەلێپرسراوە لە پێشکەشکردن و نمایشکردنی شانۆو لێکدانەوەی دەق و بەڕێوەبردنی شانۆکاران ودیمەنەکان و ڕووناکی ناوهۆڵەکەدا٠)) [٢] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە دەرهێنەر کۆکەرەوەی سەرجەم کارەکان ودابنەمۆی سەرەکییە لەبەڕێوەبردنی دەقە شانۆییەکەدا٠ بێگومان ئەوەش کارێکی گران و لێپرسراوێتییەکی گەورەیە، کە بتوانێت بالأنسی سەرجەم پێکهاتەی دەقەکە ڕابگرێت٠

لەڕاستیدا هەرئەمەشە وایکردووە، کە گەلێك لەڕەخنەگران وشارەزایان دەرهێنەر بەسەرچاوە وداڕێژەری نمایشی دەقێکی شانۆیی بزانن ، کە بە ئەوپەڕی لەخۆبووردوویی و تاسەوە بڕوانێتە جوانی وسەرکەوتنی ئەو دەقە شانۆییە٠ لەڕووەشەوە (د٠ جەمیل حەمداوی) دەڵێت:- ((ئەرکی دەرهێنان سپێردراوە بەدیارترین ئەندامی گروپ و باشترین ئەکتەر، کە کاریگەری گەورەی هەیە لەبەڕێوەبردنی گروپەکە وکارەکانیدا، ئەویش دەرهێنەرە ،کە بەدرێژایی سەدەی بیستەم دەرهێنەر بریتی بێت لە ئەکتەری هونەرمەند و مامۆستای مەشقکار وبەڕێوەبەری کارگێڕی ، کەوا سەرپەرشتی ئەو شانۆییەی کردووە و کاری تێدا ئەنجام داوە و ڕێنمایی ئەکتەرەکانی کردووە و لەهەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکییەوە بەشوێن تازەترین ئەزموونی شانۆییدا گەڕاوە٠)) [٣] نەك هەرئەوەندە، بەڵکو ڕۆڵ و کاریگەرێتی دەرهێنەر لەبواری شانۆدا، بەشێوەیەك دەبینرێت، کە بەدرێژایی مێژووی سەرهەڵدانی شانۆ لەجیهاندا و بەتایبەتیش لەقۆناغە بەراییەکانی دا، زۆرجارجگە لەدەرهێنان وئامادەکردنی دەقێکی شانۆییدا نووسەر وئەکتەرێکی چالاکی نێو گروپە شانۆییەکەش بووە٠ واتە (( نووسەر وڕیژیسۆر هەرلە قۆناغەکانی سەرەتای مێژووی شانۆوە خۆیان لە یەك کارەکتەردا دەنواند٠ بە واتایەکی دی نووسەر خۆی ڕیژیسۆری شانۆنامەکانی خۆی بووە و شانۆنامەکانیشی لەسەربنەمای یاساکانی باوی دەرهێنان دادەڕشت٠)) [٤]

بێگومان، هەمووئەمانەش ئاماژەن بۆئەوەی ، کەکاری شانۆ لەکۆندا کارێکی گران بووە، بەڵام ئێستا بەهۆی بەرەوپێشچوونی ژیان وشارستانیەت و تەکنۆلۆجیاوە ڕەوشی نمایشی شانۆیی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە٠بۆنموونە لەسەردەمەکانی پێشووداجاری واهەبووە لەهەمان دەقی شانۆییدا پێویستی کردووە دەرهێنەر(( وەك ئەکتەریش لەشانۆنامەکاندا ڕۆڵیان بینیوە )) [٥]، جائیتر یەك دەور، یان دوو دەور ، یان زیاتری بینیبێت ٠ئەوە کەوتۆتە سەر بوونی ئەکتەر و جۆری دەقە شانۆییەکە ، چونکە ئەگەر وەك پێویست ئەکتەر نەبووبێت ، ئەوا ئەوحاڵەتە دروست بووە ، کە ئەودەورانە ببینێت، یاخود واقیعی نمایشی شانۆگەرییەکە وای خواستووە ، کە دەرهێنەر بەناچاری ئەو دەورانە ببینێت، یان ڕەنگە لەبەر لێوەشاوەیی و لێهاتوویی وشارەزایی خۆی بووبێت٠

تەنانەت هەندێ جاریش وارێك كەوتووە ، كە كەسی دەرهێنەر جگەلەوەی دەوری ئەكتەری بینیوە (( بەڕێوەبەری تیپەكەش بووە• نموونەی ئەمەش وەكو (مۆلێر) و (شكسبیر) ))[٦] ، ئەوەش بۆخۆی كارێكی سەخت ودژوارە و تواناوتاقەت و دڵسۆزی زۆری دەوێت• هەربۆیە مەبەستی سەرەكیش لە هەموو ئەوكاروچالاكییانەدا، تەنها سەركەوتنی شانۆگەرییەكەبووە وهیچی تر•

## مامەڵەكردنی دەرهێنەر لەگەڵ ئەكتەردا :

هەروەكو پێشتر ئاماژەمان پێدا، كەئەركی دەرهێنەر ، تابڵێی ئەركێكی قورس و زەحمەتە، چونكە دەبێت تەنسیقێكی تەواو لەگەڵ هەمووبەش و لایەنەكانی نێو دەقەشانۆییەكە بكات بەتایبەتیش لەگەڵ ئەكتەرەكاندا •

دیارە ،ئەكتەریش هەموو ئەوكەسانە دەگرێتەوە ، كە ڕۆڵیان پێدراوە لەنێو دەقی شانۆییدا ، جائیتر ئەو ڕۆڵ بینینانە سەرەكی بن ، یاخود لاوەكی• لەورووەشەوە ڕۆلی دەرهێنەر لەوەدا زیاتر بەرچاودەكەوێت ، كەچۆن ئەو دەورە شانۆییانە بەسەر ئەكتەرەكاندا دابەش دەكات؟ و چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەكات؟ چونكە دەرهێنەر(( بەردەوام لەگەڵ ئەكتەرەكاندا دەژی ، هەربۆیە پێویستە ڕێز لە ڕاو بۆچوونەكانیان بگیرێت، چونكە ئەكتەریش حەزدەكات ڕای خۆی بڵێت وبوونی خۆیشی لەو ڕایانەدا دەبینێتەوە•))[٧] بەدیوێكی تردا دەكرێت بووترێت هەرچەندە ((دەرهێنەر بیروبۆچوونی خۆی هەیە دەربارەی ئەكتەر، بەلأم ئەكتەریش بۆی هەیە بۆچوونی تایبەتی خۆی هەبێت))[٨] ، چونكە ئەدای ئەكتەریش لەنێو شانۆگەرییەكەدا جێگەی سەرنج وگرنگی پێدانە • واتە نمایشی ئەكتەر و ئەو دەورەی دەیبینێت لەگەڵ هەمووجووڵە و چركەساتێكدا بینەر ڕادەچڵەكێنن و وایان لێ دەكەن سەرنجیان بەلای شانۆگەرییەكەدا ڕابكێشن•

كەواتە بەمەبەستی بەئەنجام گەیاندنی شانۆگەرییەكی باش و سەركەوتوو، دەبێت دەرهێنەر زۆربەوردی گوێ بیستی ڕاو سەرنج وبۆچوونی ئەكتەرەكانی نێو شانۆگەرییەكە بێت و ڕاو بۆچوونەكانیان بەهەند وەربگرێت ، كە خزمەت بەپرۆسەی نواندنەكە دەكات وهەنگاو بەهەنگاویش لەگەڵیاندا بڕوات و ڕاشكاوانە باسی هەموو ئەو ئەگەر و حاڵەتە چاوەڕوانكراوانە بكات ، كە دێنە پێش•واتە نابێت دەرهێنەر بەزۆرەملێ و بێ پاساو ڕاو بۆچوونی خۆی بەسەر بەشداربووانی نێو دەقە شانۆییەكە فەرزبكات، بەلأم ئەوەندە هەیە لەكۆی هەموو بیروڕاكان، یەك شت خۆی فەرزدەكات، ئەویش پێشكەشكردنی دەقەكەیە بەشێوەیەكی گونجاو و سەركەوتوو• لێرەدا ئەوە دەردەكەوێت ، كەهەموو تێڕوانین وبۆچوونەكان لەخزمەتی ڕەوتی شانۆگەرییەكەدان و هەموو هەوڵ و تواناكان لەوێدا چڕدەبنەوە، كە بەڕاستیش هەموو ئەمانە وریایی و لێهاتوویی و شارەزایی و دڵسۆزی دەوێت، چ لەدەرهێنەر ، وە چ لە ئەكتەرەكان و هەموو ڕەگەزە بەشداربووەكانی نێو شانۆگەرییەكە• كەچی لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هەندێك لەڕەخنەگران

وشارەزایانی بواری شانۆ جەخت و پێداگری لەسەرئەوە دەکەن و پێیان وایە (( پێویستە دەرهێنەر لەدواجاردا ڕای خۆی فەرز بکات ، چونکە لێپرسراوی یەکەمی بەرهەمەکەیە ، لەلایەکی تریشەوە دەبێ لە شانۆدا حەقیقەتی هونەری لەخزمەتی بەرهەمە هونەرییەکەدا بێت، بۆیە دەبێ ئەکتەر بە وێنەی سەماکەرەکە گوێڕایەڵی قسە و زمانی مامۆستاکەی بێ ، گێرسانەوەی دەرهێنەر بە بۆچوونەکانی و بە مەوزوعیەتی تەکنیکی ئەکتەرەوە لەگەڵ باری سەرنجی ئەکتەردا یەك دەگرنەوە، بەڵام لە گۆشە نیگای فراوانترەوە٠))[٩] واتە دەبێت پەیوەندی نێوان دەرهێنەر و ئەکتەر وەکو پەیوەندی نێوان مامۆستا و خوێندکار بێت ، تابەیەکەوە و بەهەماهەنگی لایەنەکانی تری نێو شانۆکە ، شانۆگەرییەکی باش پێشکەش بکەن ٠

کەواتە بۆئەو مەبەستە پێویستە دەرهێنەر خاوەن پلان بێت و بەپلانێکی گونجاوەوە کارنامەی شانۆگەرییەکەی دابەش بکات و بەردەوام بەدواداچوونی وردیان بۆبکات وتەنسیقی هەبێت لەگەڵ درامانووس و ئەکتەر و لایەنەکانی تری شانۆگەرییەکەدا، بۆئەوەی ئەگەر هەر تەنگژە و حاڵەتێکی چاوەڕوان نەکراوی نادروست لە میانی پرۆسەی نوانەکەدا پەیدابوو، بتوانێت چارەسەری گونجاو بدۆزێتەوە و نەهێڵێت تەشەنە بکات٠

هەربۆیە گرنگە، دەرهێنەر بتوانێت هەموو ئەو جووڵانە بەشێوەیەکی سیستەماتیکی گونجاو دابەش بکات و هەرئەکتەرێك بەپێی شیان و پێگەی خۆی لەنێو شانۆگەرییەکەدا ڕۆڵی تایبەتی خۆی پێ بدات ،چونکە شتێکی سەیر نییە لەدووتوێی کاری دەرهێنانی شانۆییــدا (( دەرهێنەر بۆئەوەی فەلسەفەی خۆی لەشانۆگەرییەکەدا بگەیەنێ ، پێش هەمووشتێك پێویستی بەدروستکردنی ئەو کەش و هەوایە هەیە، کە بینەر ئامادە دەکات بۆ وەرگرتن ، هەربۆیە ڕەخساندنی ئەو کەش و هەوایەش خۆی لە خۆیدا پەیوەستە بەچەند ڕەگەزێکی کاریگەری شانۆییەوە، لەوانەش وەکو:– دیکۆر( سادە – ئاڵۆز ) ، مۆزیك ))[١٠] لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ئەو ئەرکە گەورەیەی ، کە لەئەستۆی دەرهێنەردایە، دەبینین گەورە دەرهێنەری پۆڵەندی (گرۆتۆڤسکی) (( زاراوەی بەرهەمهێنی بەرانبەر بەکارەکەی خۆی ، کە کاری دەرهێنانە بەکارهێناوە٠ واتە ئەو وشەی بەرهەمهێنی بەواتای دەرهێنەر بەکارهێناوە و وەکو بەرهەمهێن ئاماژەی بەهونەرەکانی دیکەش کردووە و خۆشی بەئەفراندنی کەسانی دیکەوە نەبەستۆتەوە و پێیشی وایە ئەرکی بەرهەمێن لەدەرەوە و ناوەوەی شانۆدایە ٠))[١١] ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە دەرهێنەر داینەمۆ و هەڵسوڕێنەری شانۆگەرییە٠ لەهەمان کاتیشدا مامۆستایەکە بەردەوام هەرلەسەرەتاوە ، تاکۆتایی بەدواداچوون و چاودێری هەمووکارەکانی نمایشی شانۆگەرییەکە دەکات، تاهیچ جۆرە کەموکوڕی و ناتەواوییەك دروست نەبێت ٠

لەڕاستیدا هەمووئەمانە ئەوەمان بۆدەردەخەن، کە بابەتە شانۆییەکە وەکو سروشتی خۆی ئاوێتەیەکە لەنێوان تەکنیکی هونەری و توانای جەستەی ئەکتەردا، کە بەهۆیەوە پشت بە جەستە و جووڵەی ئەکتەر دەبەستێت ٠ هەربۆیە لەهەموو حاڵەتەکاندا واباشترە ، دەرهێنەر کەسێکی

نەفەس درێژ و لەسەرخۆبێت و بەگیانێکی وەرزشی ولەخۆبوردەییەوە هەرلەسەرەتاوە ، تا کۆتایی نواندنەکە کارەکانی ئەنجام بدات• بێگومان ئەوەش دەبێتە هۆی (( دابین کردنی ژینگەیەکی لەبار و گونجاو بۆکارکردن ))[١٢] ،بەلأم لەگەلْ ئەوەشدا نابیْ بە ئەنجام گەیاندنی هیچ کارێکی نێو شانۆگەرییەکە لەسەر حسابی لایەنێکی تری شانۆییەکە بێت • واتە هەمووشتێك دەبێت مافی سەرەکی خۆی پیْ بدرێت•

## دەرهێنەرو هەلْبژاردنی دەقی شانۆیی:

سەبارەت بە رۆلْ و گرنگی دەرهێنەر لەبواری شێواز و چۆنیەتی هەلْبژاردنی دەقێکی شانۆیی وئامادەکردنی بۆسەر تەختەی شانۆ ، کارێکی هەروا ئاسان نییە وپێویستی بەخوێندنەوە و تەرکیزکردنێکی زۆری ئەو دەقە و وریایی ولێهاتوویی دەرهێنەر هەیە، کە چ دەقێك باش و گونجاوە بۆسەردەم و قۆناغەکە ولە توانایيدا هەیە خزمەتی رەوتی شانۆوبینەرانی شانۆ بکات • وە بە پێچەوانەشەوە چ دەقێك باش و گونجاو نییە خۆی لیْ بەدوور بگرێت •ئەمەش دەمانباتەوە بۆدوو جۆری سەرەکی دەق ، کەبریتین لەدەقی باش و دەقی خراپ •بێگومان بەوەش ئەرکی دەرهێنەر هێندەی تر گرانتر دەکات ، کەبتوانێت دەقی باش لەدەقی خراپ جیابکاتەوە و لەگەلْ ئاراستە و رەوتی سەردەمەکەدا گونجاوبێت • واتە (( یەکێك لە فاکتەرە هەرە ریشەیی و بنەرەتییەکانی سەرکەوتنی شانۆگەری ئەوەیە ، کە دەرهێنەر بتوانێت لەگەلْ زەمەندا و بۆهەر زەمەنێك گوتاری تایبەتی خۆی هەبێت و بزانێت چۆن دەتوانێت شانۆ لەگەلْ زەمەندا تێهەلْکێشی یەکتری بکات))[١٣] و دەقێکی باشی سەرکەوتوو ئامادە بکات ، چونکە دەرهێنەر بەتەنها لە توانایدا نییە لەدەقێکی لاواز و خراپ شاکارێکی شانۆیی دروست بکات• بۆئەومەبەستەش دەبێت دەرهێنەر بەدوای بەرهەمی درامانووسی باش وبەتوانا بگەرێت بێت ، پاشانیش کەم ، تا زۆر پرس و رای لەگەلْدا ئالْوگۆربکات وهەولْی بینینی بدات، بۆئەوەی ئەگەر لەشوێنێکدا دەقەکە پێویستی بە دەستکاریکردن هەبوو ، تارادەیەك بتوانێت دەستکاری دەقە شانۆییەکە بکات•

بێگومان ئەوەش بەمەبەستی جوانکردن و دەولْەمەندکردنی دەقەکەیە ، تا لەوێوە بتوانێت لەکاتی نمایشی شانۆگەرییەکەدا کاریگەری زیاتر وبەرچاو لەسەر بینەران بەجیْ بهێلْێت و سەرنجیان بەلای شانۆگەرییەکدا رابکێشێت •واتە وەکو ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆیی خودی درامانووس بەهیچ شێوەیەك فەرامۆش نەکرێت و لەکاتی خوێندنەوەی دەقە شانۆییەکەدا لە هەر گۆرانکاری و دەستکاریکردنێك چ بەزیاد ، یان بەکەم درامانووس ئاگاداربکاتەوە و راوبۆچوون و رەزامەندیی وەربگرێت ، چونکە (( چاکتر وایە هەمووجۆرە کارکردن و دەستکاری و لابردنێك لە دەقدا پێش پرۆڤە کردن بیْ ، ئەم کارەش باشتر وایە بەیارمەتی نووسەر بێت ، چونکە ئەو کارە زیاتر پیشەی نووسەری شانۆنامەکەیە، بەتایبەت سەبارەت بە لابردنی ئاخاوتنەکان•))[١٤]

کەواتە بۆئەوەی دەرهێنەر کاری چاك و نویٚ پێشکەش بکات، واباشترە لە هەڵبژاردنی دەقی شانۆییدا زۆر ورد و کارامە و بە ئاگابیٚ چ لەڕووی ڕووخسارە وە ، وە چ لەڕووی ناوەرۆکەوە ، چونکە دەقی سەرکەوتوو خۆی لە هاوسەنگی و هاوڕێکی هەردوو لایەنی ڕووخسارو ناوەرۆکدا دەبینێتەوە٠ لەوبارەیەشەوە (ستریٚهلەر) دەڵێت :٠ ((قەت شانۆنامەیەکم تەنیا لەبەر ناوەرۆکەکەی ، یان تەنیالەبەر فۆرمەکەی هەڵنەبژاردووە٠))[١٥] ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت ، کە لە کاری شانۆییدا هەردوو لایەنی فۆرم و ناوەرۆك بەقەدەر یەك گرنگن و تەواوکەری یەکترن ٠ جگە لەوەش دەبێت ئەو دەقە لەگەڵ ڕەوتی سەردەمەکەشدا گونجاوبێت٠ واتە بابەتێك بێت بەدڵی جەماوەرێکی بەرچاوبێت ، چونکە گرنگی و بایەخی شانۆگەری لەوەدایە ، کە بۆ هوشیارکردنەوەی جەماوەربێت ، پاشانیش سوود پێگەیاندن و بەسەربردنی کاتێکی خۆشیش بێت، ئەگینا (( دەقی لاوازو خراپ ، هەرچەندە ڕیژیسۆرەکەشی داهێنەر و کارامە بیٚ ، هەرگیز ناتوانیٚ شاکارێکی لیٚ دروست بکات٠))[١٦] واتە کاریگەری خراپیش دەکاتەسەر تواناو لێهاتوویی وسومعەی دەرهێنەر٠ لەو ڕووەشەوە دەرهێنەری ئەمریکی(جیمس ڕۆدگەرس) ڕوودەکاتە کەسی دەرهێنەر وپێی دەڵێت :– (( هەڵبژاردنی شانۆنامە وەکوهەڵبژاردنی هاوسەر وایە، ئەگەر لە هەڵبژاردنیدا بەهەڵە بچی ، ئەوا سەرتاسەری پرۆسەی پرۆڤەکردن ونمایشەکەت پڕ دەبیٚ لەگیروگرفت و کێشە ، هەربۆیە هەرچەندە هەوڵ بدەی وتێبکۆشی کارەکەت بەشکست و نەهامەتی کۆتایی پیٚ دیٚ ٠))[١٧] واتە پێش هەمووشتێك دەرهێنەر دەبێت ئاگاداری چۆنیەتی هەڵبژاردنی دەق بێت، تا بتوانێت خەرمانلۆغەی کارەکانی باشتر و بەپێزتر و دەوڵەمەندتر بکات، چونکە هەڵبژاردنی دەق ، نەك تەنها پێویستە بۆ ڕازیبوونی جەماوەر ، بەڵکو کاریگەری و کاردانەوەشی دەبێت بۆسەر ئەدا و لێهاتوویی دەرهێنەر و تەنانەت سەر ڕەوتی نماییشی شانۆگەرییەکەش ٠کەواتە واباشترە دەرهێنەر لەهەڵبژاردنی دەقدا پەلە نەکات، بۆئەوەی نەکەوێتە هەڵەوە٠

**کاری دەرهێنەر لەگەڵ شێوازی بەکارهێنانی جلوبەرگدا:**

یەکێکی تر لەولایەنانەی ، کە دەبێت دەرهێنەر لەبواری دەرهێنانی دەقێکی شانۆییدا بەهەند وەری بگرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکات و بایەخی پیٚ بدات ٠ بابەتی شێواز و بەکارهێنانی ((جلوبەرگ و هەموو ئەو پێداویستیانەیە، هەر لەپێڵاو و کڵاو و دەستکێش و دەستەسڕ و کەرەستەکانی دەستی ئەکتەرن لە قەڵەم وسەعات وتەسبیح وکلیل و٠٠تد))[١٨] ، کەبەپێی پێویستی ئەو دەقە شانۆییە لەلایەن ئەکتەرەکانەوە بەکاردەهێنرێن وپێویستن ٠واتە دەرهێنەر فەرزی دەکات بەسەر ئەکتەرە بەشداربووەکانی نێوشانۆگەرییەکەدا، کە هەریەکەیان کام جۆرە جلوبەرگ بپۆشێت و بەکاری بهێنێت٠بێگومان هەمووئەوپێداویستیانەش کاریگەری تایبەتی خۆیانیان هەیە چ لەسەر کەسایەتی و ڕۆڵی ئەکتەرەکان وزیاتر ناساندنیان بە بینەران وە چ لەسەر بینەرانی نێو دەقە شانۆییەکە، کە بایەخێکی زۆر دەدەن بە شێواز و پۆشینی جۆری ئەو

جلوبەرگانەی ، کە ئەکتەرەکان پۆشیویانە٠ بەلأم جاری واش هەیە دەرهێنەربەپێی جۆرو شێوازی ئەو دەقە شانۆییە (( ئەکتەرەکان سەرپشك دەکا، کە خۆیان جلوبەرگی خۆیان هەڵبژێرن٠))[١٩] بۆئەومەبەستەش هەریەکە لە (جەیمس دەبلیو پۆگێرس) و( ڤاندا سی پۆگێرس) ،کە دوو دەرهێنەری شانۆی ئەمریکین لە کتێبەکەیاندا لەژێر ناونیشانی (کەرەستە پێویستییەکانی دەرهێنەری شانۆ) دا ، بەکارهێنانی جلوبەرگیان لە (٥) مەبەست وبواردا چڕکردۆتەوە ، کە بریتین لە:-

(( ١- (کۆستوم)(*) و قۆناغ ، جێگە ، زەمان وبۆنەی هەریەك لەدیمەنەکانی ناو شانۆنامەکە دەست نیشان دەکات ٠

٢- کۆستوم گوزارشت لە پرۆفایلی سیکۆلۆجی هەریەك لەکارەکتەرەکانی شانۆنامەکە دەکات٠

٣- کۆستوم پێوەندی نێوان تاك وگروپ پیشان دەدات ٠

٤- کۆستوم چەمك وستایلی بەرهەمی ڕیژیسۆر دووپات دەکاتەوە ٠

٥- کۆستوم لەڕووی کرداری فیزیکییەوە یارمەتی نمایشکاران دەدا ٠))[٢٠]

**سیفەتەکانی دەرهێنەر :**

بەشێوەیەکی گشتی لەمیانی دەرهێنانی هەرکارێکی شانۆییدا ، دەبێت دەرهێنەر ئەم چەند سیفەتەی تێدابێت ، کە بریتین لە:-

١٠ڕاستگۆیی ٠واتە دەرهێنەر دەبێت ڕاستگۆبێت لەگەڵ خۆیی وهونەرەکەیدا، ئەوەش ڕاستگۆییە لەگەڵ ژیاندا٠بۆئەومەبەستەش دەبێت خاوەنی (( میتۆدی شەخسی خۆی بێت وگرنگە لەسەرشانۆ لەگەڵ ئەو فۆرمە هونەرییەی، یان ئەومیتۆدەی بەکاری دێنێ ڕاستگۆبێت و وامان لێ بکات باوەڕی پێ بکەین و دینامیکیەتی ڕاستگۆیانە بخولقێنێ ٠))[٢١]

٢٠دەرهێنەر (( خاوەن دید وجیهانبینییەکی فراوان و بەربلأو وئاستێکی ڕۆشنبیریی و هونەرییەکی باش بێت٠))[٢٢]

٣٠کەسێکی بەتوانا و بوێرو بەئەزموون وشارەزابێت ٠

٤٠کەسێکی لەسەرخۆ وبەئارام بێت بەتایبەتیش لەگەڵ ئەکتەردا لەکاتی پرۆڤە و نمایشکردندا٠

٥٠بەدوای دەقی شانۆیی باشدا بگەڕێت و(( هەوڵبدا لەهەڵبژاردنی تێکستی شانۆییدا هەڵە نەکات٠))[٢٣]

**مەرجەکانی دەرهێنەر:**

بێگومان لە نمایشکردنی هەردەقێکی شانۆییدا بەپێویست دەزانرێت دەرهێنەر ئەم مەرجانەی تێدابێت، کە بریتین لە:-

(( ١- شارەزایی و پێشبینییەکانی دەرهێنەر •

٢- توانای دەرهێنەر لەسەر شرۆڤەکردن و لێکدانەوە •

٣- خۆشی وکەڵك وەرگرتنی دەرهێنەر لەئەندێشەیەکی بەپێز•

٤- توانای دەرهێنەر لەسەر بەڕێوەبردنی هەمووڕەگەزەکانی نمایش کردن بەشێوەیەکی ڕێکو پێك و گونجاو• ))[٢٤]

**ئەرکەکانی دەرهێنەر:**

لەدووتوێی کارنامەی دەرهێنەردا لەمیانی دەرهێنانی شانۆدا ، ئەوەمان بۆدەردەکەوێت، کە دەرهێنەر(٣) ئەرکی گرنگ و بەرچاوی لە ئەستۆدایە، تابتوانێت شانۆگەرییەکی سەرکەوتووئەنجام بدات • لەو ئەرکانەش ، وەکو:-

١- لایەنی بەڕێوەبردن : بەمەبەستی سەرکەوتنی دەرهێنـــــەر لەبواری کارەکەیدا، دەبێت خاوەن پلانێکی تۆکمە بێت، تابتوانێت سەرکەوتن و داهێنان بەدەست بهێنێت ، چونکە هەردەقی باش و بوونی ئەکتەری باش و بەناوبانگ بەس نییە بۆنمایشێکی سەرکەوتوو و سەرنج ڕاکێش ، بەڵکوپلان وبیری نوێی سەردەمیانەی دەرهێنەریش هۆکارێکی گرنگی پرۆسەی گشتی نمایشی شانۆگەرییەکەن ، ((بەلأم بەداخەوە ئەم لایەنە لەلایەن زۆربەی ڕیژیسۆرانی جیهانی ئێمەدا فەرامۆش دەکرێ))[٢٥] زۆرجار ڕەنگە وەك پێویست بەهەند وەرنەگیرێ و ئاوڕی تەواوی لێ نەدرێتەوە، کە ئەوەش بۆخۆی ڕەنگدانەوەی خراپی هەیە لەسەر ئەداو پێشکەشکردنی ڕەوتی شانۆگەریی بەشێوەیەکی گشتی ، کەچی لەدنیای مۆدێرن و پێشکەوتوودا بەپێچەوانەوە دەبینین(( لەشانۆی دامەزراوو گەورە و دەوڵەتیدا توانای ڕیژیسۆر لەپلانڕێژی و بەرنامەدانان و بەڕێوەبردنی کاردا مەرجی سەرەکین))[٢٦] و داهێنەران زۆربەوردیی و پلانی نوێوە مامەڵە لەگەڵ هەر دەقێکی شانۆیی نوێدا دەکەن و جوانترین و باشترین شێوازی نوێ دەگرنەبەر، بۆئەوەی بتوانن خۆشەویستی شانۆ لەلای بینەران زیاتربکەن و لەدەوریدا کۆی بکەنەوە •

٢- لایەنی ڕێکخستن : بۆئەوەی دەرهێنەر کارەکەی سەرکەوتووبێت ، دەبێت بزانێت چۆن و بە چ شێوازێك کارنامەکەی جێ بەجێ دەکات لە ئامادەکردنی دەقێکـــــــی شانۆییدا بۆ نمایشکردن • بێگومان ، ئەوەش پێویستی بەپلان ومیتۆدێکی گشتگیرو ڕێکخستنێکی وردهەیە ،کە بەهۆیەوە بتوانێت هەمووڕەگەزە بەشداربووەکانی نێو دراماکە بەشێوەیەکی ڕێك وپێك و گونجاوکۆبکاتەوە •

٣- لایەنی داهێنان : لەڕاستیدا هەموو وردەکاری و هەوڵ و بەرنامەداڕێژییەکی دەرهێنەر ،

له هەموو نمایشێکی نوێدا دەبێت بۆئەوە بێت داهێنان وشتی نویٚ و گۆڕانکاری نویٚ لەپرۆسەی کاری دەرهێنانی شانۆییدا پێشکەش بەبینەران بکات ٠واتە ئەوەی لەشانۆگەرییەکی پێشووتریدا ئەنجامی داوە ، لەشانۆگەری وکاری داهاتوویدا دووبارەی نەکاتەوە٠ بێگومان ئەوەش پێوەندی بەڕادەی بوێری ودڵسۆزی و تواناى دەرهێنەرەوە هەیە ، هەرلە شێوازی دابەشکردنی دەوری ئەکتەرەکان و چۆنیەتی پرۆڤەکردن وهەڵبژاردنی دەقی نویٚ و کاریگەر و دیکۆری نێو هۆڵی شانۆکەوە ، تادواکاتی پرۆسەی نمایيشەکە٠بۆنموونە دەبێت پرۆڤەی ئەکتەرەکان ((ببن بە بۆنەیەکی شادی وخۆشی و هەموویان بەدڵ و بەگیان چاوەڕوانی بکەن٠ واتە وابیٚ ، کە گروپەکە پرۆڤەکردن وەك پرۆسەیەکی داهێنان وەربگرن ٠))(٢٧)

لەدواجاردا دەکریٚ بڵێین، کاری دەرهێنەر کارێکی گران و پڕ لەلێپرسراوێتییە وکەسی بەتوانا ولێهاتووی دەوێت ٠ هەربۆیە هەمووئەوشانۆگەرییانەی ، کە دەبینرێن وئەنجامی باش وسەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و بینەرێکی زۆری بۆپەیدا دەبێت ٠ هەمووئەمانە دەگەڕێتەوە بۆهەوڵ و تواناو شەونخوونییەکانی دەرهێنەر٠ وەبەپێچەوانەشەوە هەر ڕاستە٠

## ئەنجام

لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:-

١- دەرهێنەر دەبێت کەسێکی شارەزا و بەئەزموون بێت لە فەزای شانۆو نمایيشی شانۆییدا٠

٢- دەرهێنەر دەبێت خاوەن پلان ومیتۆدی تایبەتی خۆی بێت ٠

٣- هیچ نمایشێکی شانۆیی بەبیٚ بوونی دەرهێنەر ئەنجام نادرێت ٠واتە داینەمۆی سەرەکی نمايیشە شانۆییەکەیە٠

٤- دەرهێنەر چەندە تێڕوانین ودیدی بۆژیان قووڵ بێت، ئەوەندەش دید و تێڕوانینی بۆپرۆسەی شانۆگەریش قووڵ دەبێت، کە ئەوەش دەبێتەهۆی پێشکەشکردنی کارێکی باش و سەرکەوتوو٠

٥- دەرهێنەر هێزی ڕاگرتنی بالأنسی ئەکتەرە بەشداربووەکانی نێو شانۆگەرییەکەیە بەشێوەیەکی گونجاو و ڕێك وپێك لەڕووی ئەرك و دەوربینینەوە ٠

٦- ناووناوبانگی باشی هەر دەقێکی شانۆیی و بوونی بینەرێکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆتواناو ڕادەی دڵسۆزی دەرهێنەر، کە توانیویەتی کاریگەرییەکی باشی هەبێت ٠

٧- دەرهێنەر ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لەکۆکردنەوەی سەرجەم ڕەگەزە بەشداربووەکانی نێو دەقە شانۆییەکەدا ٠

## پەراوێزەکان:

(١) یاسین قادر بەرزنجی ،ئەزموونە درەوشاوەکانی شانۆ ، ل(٦٨) ٠
(٢) سمير عبدالرحيم الجلبي، معجم المصطلحات المسرحيه ، ص (٧٠) ٠
(٣) یاسین قادربەرزنجی ، ئەزموونە درەوشاوەکانی شانۆ ، ل(١٧٢)٠
(٤) د٠فازل جاف ،دەرهێنانی شانۆیی ، ل(١٠) ٠
(٥) س٠پ، ل(١٠) ٠
(٦) س٠پ ، ل(١٣) ٠
(٧) یاسین قادربەرزنجی ، ئەزموونە درەوشاوەکانی شانۆ ، ل(٦١) ٠
(٨) ماری ئالن ئۆبراین، نواندن لەسینەمادا ، و٠عەلی کەریم، ل(١٢٠) ٠
(٩) یاسین قادربەرزنجی، ئەزموونە درەوشاوەکانی شانۆ ، ل(٦٥) ٠
(١٠) حەیدەر عەبدورەحمان ، چەپکێ ڕەخنەی شانۆیی ، ل(٨٨) ٠
(١١) یاسین قادربەرزنجی،چەند باسێکی شانۆیی ، ل(٧٠) ٠
(١٢) د٠فازل جاف ، دەرهێنانی شانۆیی ،ل(٢٩) ٠
(١٣) حەیدەر عەبدورەحمان ، چەپکێ ڕەخنەی شانۆیی ،ل(١٢٤) ٠
(١٤) د٠فازل جاف ، دەرهێنانی شانۆیی ،ل(٣٠ – ٣١) ٠
(١٥) س٠پ ، ل(٨٠) ٠
(١٦) س٠پ ، ل(٧٣) ٠
(١٧) س٠پ ، ل(٧٦ – ٧٧) ٠
(١٨) س٠پ ، ل(٣٠٦٠) ٠
(١٩) س٠پ ، ل(٣٠٧) ٠
(*) کۆستوم =جلوبەرگ (پۆشاك)٠بڕوانە:سەلام خۆشناو،فەرهەنگی گیرفانی ئۆکسفۆرد، ل(١٠٥)
(٢٠) د٠ فازل جاف ، دەرهێنانی شانۆیی ، ل(٣١١ – ٣١٣) ٠
(٢١) د٠فازل جاف ، دەرهێنان و شانۆی مۆدێرن ، ل(٥٢) ٠
(٢٢) د٠فازل جاف ، دەرهێنانی شانۆیی ، ل(٧٥) ٠
(٢٣) س٠پ ، ل(٧٦) ٠
(٢٤) محمد نصار و قاسم كوفحي ، تژوق الفنون الدراميه ، ص(١٨٣) ٠
(٢٥) دەرهێنانی شانۆیی ، د٠فازل جاف ، دەرهێنانی شانۆیی ، ل(١١٧) ٠
(٢٦) س٠پ ، ل(١١٧) ٠
(٢٧) س٠پ ، ل(٤٠) ٠

**سەرچاوەكان:**

١- حەيدەر عەبدوڕەحمان ، چەپكێ ڕەخنەی شانۆیی ، دەزگای ئاراس ، هەولێر، ٢٠٠٧ ٠
٢- د٠فازل جاف ، دەرهێنان و شانۆی مۆدێرن ، چ ٢،دەزگای سەردەم، سلێمانی ،٢٠٠٦ ٠
٣- د٠فازل جاف ، دەرهێنانی شانۆیی ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٨ ٠
٤- سەلام خۆشناو ، فەرهەنگی گیرفانی ئۆكسفۆرد، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣
٥- ماری ئالن ئۆبراین،نواندن لەسینەمادا، و٠عەلی كەریم،دەزگای سەردەم،سلێمانی ،٢٠٠٨
٦- یاسین قادر بەرزنجی، ئەزموونە درەوشاوەكانی شانۆ، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی ،٢٠١٠
٧- یاسین قادر بەرزنجی ، چەند باسێكی شانۆیی ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٨ ٠
٨- سمير عبدالرحيم الجلبي، معجم المصكلحات المسرحيه، دارالمامون ، بغداد ، ١٩٩٣ ٠
٩- محمد نصار و قاسم كوفحي ، تزوق الفنون الدراميه ، گ٢، ا ربد ، الاردن ، ٢٠٠٧ ٠

## ملخص البحث

يعد هذا البحث الموسومة ب (عمل المخرج في الفضاء المسرحي ) محاولة جديدة لقراءة الدور المخرج المسرحي وفق منهج النقدي، توصلنا فيها الى النتائج التالية:-

١- يجب ان يكون المخرج مختصا في المجال الاخراج ، ولديه تجربة وخبرة عالية في مجال المسرح والعمل المسرحي ٠

٢ -من الضروري للمخرج ان يكون لديه طريقته الخاصة في الاخراج ٠

٣- لا يمكن اتمام اي عمل مسرحي بدون المخرج ، من اجل ذلك يعتبر المخرج المحرك الرئيسي للعمل المسرحي ٠

٤- كلما يكون المخرج مطلعا و واعيا على الواقع والحياة ، كلما تكون نظرته للعمل المسرحي اعمق واوسع ، ويقدم عملا جيدا وناجحا ٠

٥- المخرج هو الذي يتحكم في توازن الممثلين والسيطرة عليهم من حيث الاداء وتوزيع الادوار ٠

٦- يعود فضل الشهرة والنجاح لأي عمل مسرحي للمخرج ٠

٧- للمخرج الدور ارئيسي في جمع كافة الاجناس واعناصر المشاركة في العمل المسرحي ٠

## Abstract

This study entitled (The Role of the Directre in the theatre) deals with the following conclusions can be drawn at the end of this research

1- the director shoud be an expert and experienced person in the field of theatre and theatrical performance

2-The director should have his own plan and method

3-No theatrical performance can be done without a director . In other words, the director is the major dynamo of theatrical performance

4-The depth of the director,s vision to life reflects the depth of his/her vision to theatre which results in a successful work of art

5-The director is the factor of balance among the participant actors in an appropriate manner in terms of roles and acting

6-The fame and popularity of any dramatic text is due to the level of the director,s ability and dedication who has been able to play an effective role

7-The director has an outstanding role in bringing together all the constituent elements of the dramatic text